# ئەمەکی ڕۆحی خانمی تەمارا

جەزا چنگیانی

ڕەنگی گوڵی کوڵمەکانی، تیشکی شینی چاوەکانی، هێزی بازوو و جوومکەکانی. ڕۆژ بەڕۆژ بە تەمەنێکی چاوەڕوانی دەسپارد. چ چاوەڕوانیەك ؟ چاوەروانی خۆشەویستێکی دوور ؟ یان هێژایەکی لێدابڕاو ؟ نا. ئەمانەی هیچی نەبوون. . . کردبوویە پیشە و تا دەگەیشتە سەر گۆڕەکەی، وەك بۆ ئیستگەی شەمەندەفەر و فرگا بچێ و چاوەڕوانی هاتنی ئازیزێکی ڕۆحی بێت و ساتی زووتر بۆنی غەریب و ماوەی دابڕاندیان هەڵمژێ. چەپکە گوڵەکەی پیشکەش بکات. ئاوا چەپکە گوڵە گەشەکەی لەباوەشدەگرت وبەرەو گۆڕستانەکەی شار بەخێرای هەنگاوی دەنا. چاوەکانی لە جێگەی هەنگاوەکانی گیر دەکرد و ئاوڕیی بەهیچ لایەکدا نەدەدایەوە. چەند لە ماڵەوە لە ئیش و کار و هەڵسوڕاندن و گفتوگۆدا هێمن بوو، لە سەردانی گۆڕەکەدا خێرا وشبرزە بوو. کە دەگەیشتە سەر گۆڕەکە گفتوگۆی نێوانی ڕۆحیان دەستیپێدەکرد هیچ گرفت و شبرزەی و ویستێکی لە دڵدا نەدەما، لە دونیای خودی دوور دەکەوتەوە و دەگەڕایەوە بۆ ڕۆژانی پێکەوە بوون و حەز وخۆشەویستیان. هەر لەبەر خۆشەویستی گۆڕی مێردەکەی و مێژووە نازدارەکەیان، دێیە بچکۆلە ساکارەکەیانی لێ ببوە بە خۆشترین شار و ناوچەی ژیان. دێیەکی بچکۆلانەی چەند ماڵێ، دانیشتوانی خەریکی کشتوکاڵ و ماڵات بەخێوکردن بوون. تاقە کەنیسەیەك و قوتابخانەیەکی سەرتای وباڕێکی زۆر ئاسای. لە چنگی تەکنەلۆژیا وکەپیتاڵ دوور بوو. سروشتی سادەی دێ، سروشتی بیرکردنەوەی دانیشتوانی بەسادەیی و پاکی پەروەردەکردبوو. کە مێردەکەی مرد ماوەیەکی گەلێك زۆر بە تەنیا ژیاو پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی تەواو تەسك کردەوە، وەك ناڕەزاییەك بۆ کاری نا بەجێی خوا سەردانی تاقە کەنیسەکەشی نەدەکرد. لە تەك هەردوو جگەرگۆشەکانی ( ئەنجیلا وئەنا) ی کچیشیدا بێدەنگ و مات بوو، خەڵکی مەزەنەیان وابوو. دوای مردنی مێردەکەی دەبێ توشی نەخۆشی دەروونی هاتبێ. بۆیە ئەوەندە بێدەنگ وبێ کۆنتاکە. بە مردنی مێردەکەی چووە دنیایەکی نۆی وە، دنیایەك وێنەی لە ژیانی کەسدا نەبوو. دەژیا و دەبینرا، وەلێ بە ڕۆح لە دنیایەکی تردا بوو، دنیایەکی چاوەڕوانی ئەو دنیاییەی کەس لێوەی نەهاتۆتەوە، نازانرێ ژیان لەوێدا چۆنە ؟ ژیانی دوای مردن !.

لە یەکەم ساتی بینین و یەکەم ماچ و باوەش وبەڵین و خۆشەویستی و دواجار زەماوەندکردنیان و خاوەنی خیزانێکی بچوکی ئاسایی. دووکچی جوان جوانتر لەوەی ئەوان چاوەڕیان لەسروشت دەکرد. هەمیشە لە تەك چرکە گەوهەرییەکانی سەرەتای ژیانیدا دەژیا. هێندە یەکتریان خۆشدەویست ببوون بە دوو پارچەی یەك ڕۆح، ڕۆحێك کە خۆشەویستی وڕێز ونیانی ژیانی تێدا پەروەردە ببوو.

هەر لە قاپی گۆڕستانەکەوە سەری بەرزدەکردەوە، لە دوورەوە چاوی دەبڕیە باڵای کیل و چوار دەوری گۆڕەکە، تا بزانی چڵە گیایەکی کێوی، دەنکە دڕکێك بە هەڵە لە سەر گۆڕەکەی و چواردەوری نەڕوابێت و ئازاری جەستەی هاوسەرەکەی بدا، کە دەگەیشتە لای بە دەستەسڕێك ڕووی کێلەکەی دەسڕی و گووڵە سیسەکانی هەفتەی ڕابووردوی لادەبرد و گوڵە گەشە تازەکانی دەخستە ئینجانەکەی ژوور سەریەوە بەدەم پاککردنەوەی دەوری گۆڕەکەوە چەشنی ئەوەی مێردەکەی لەبەردەمیا وەستابێت و بۆین باخ ویەخەی کراس وملپێچەکەی بۆ ڕێکبخات. لە بەر خۆیەوە دەپەیڤی وەك چاوەڕی وەڵامدانەوەی پرسیار و گۆڕینەوەی پەیڤەکانیان بێ. گۆی لە مێردەکەی بگرێت جار جارە دەوەستا و دوای کەمێك دەکەوتەوە پەیڤین. .

کەس گۆی لە سرپە ودەنگی بێدەنگی گۆڕەکە و دەنگی ڕۆحی خانمی تەمارا نەبوو، لە خۆی زیاتر. دڵسۆزی ودڵەکزیێ و خۆشەویستی ئەم خانمە بۆ میردەکەی جێ سەرنجی هەموو میوانەکانی گۆڕستانەکە بوو.

- گەر وابڕوا ئەم ئافرەتە دەبێتە سمبۆلًی ئەمەك و خوشەویستی دێکەمان.
- نا. . . نەك دێکەمان بەڵکو ناوچە و وولاتەکەمان.
- هێشتا جوانی ماوە و. . . . لە چاوەڕوانی چیدایە. ؟؟؟
- چاوەڕوانی چی ؟؟؟
- ئەمە نهێنێەکە کەس نازانی خۆی نەبێ !!!
- پێموایە من دەزانم، ، ، ، ، ئەم ئافرەتە هێندە بۆ عەشقی میردەکەی بە ئەمەکە بە مردویش لە تەکیدا دەژی. ئێستا ئەو چاوەڕی ژووانی هەمیشەیی میردەکەیەتی، یانی مردنە. . . مردنێك بە مێردەکەی شاد بکاتەوە. ژیانی ئەو، بێ مێردەکەی مردنێکی بێ ویستە. مردن بۆ ئەو ژیانێکی بەویستە، ، ، من دڵنیان بۆیە خۆی ناکوژی و پاڵ بە تەمەنیەوە بۆ باوەشی میردەکەی نانینێ، لەبەر دووکچەکەی. چونکە ئەو دوو کچەی یادگارن، هەر خۆی ومێردەکەی و چواردیواری ژووری نووستنەکەیان دەزانن، ئەو

دووکچە بەری چەند چەپکە ماچ و مەمك مژین و تەکانە رووتە رۆمانسییەکانی سەردەمی لاوی و خۆشەویستی میژووی زێڕینیانە. ئا ئەو دوو کچە بۆ ئەو سمبۆڵە، سمبۆلێ میژوویەکی پڕ سەروەریە. . . ئەمانە گشتی چیرۆکن و لە ناخی ئەو ئافرەتە بە ئەمەك و ڕۆح پاکیژەدا حەشار دراون. سەرنجی دوو ژنی دراوسی گۆڕی میردەکەی تەماراخان بوون.

کردبووی بە خویەك هەموو ڕۆژانی یەك شەممەیەك لە سەر گۆڕەکەی بەرچای بەیانی دەکرد. . . دوای پاککردنەوەی دەوری گۆڕەکە لە گیا کێوی و درك و گەڵای ووشکی دەمی کزە باکان. تەختە بەردێکی بۆدانیشتن لە لای سەری گۆڕەکەیەوە تەختکردبوو، لەسەری دانیشت ولەجانتەکەی تەرمۆزەیەك قاوە و دوو پارچە نانی چەورکراوی ناوەخنداری پەنیریی دەرهانی. وەك لە تەك مێردەکەیدا بەرچای بکات، دەستی بە نان خواردن و قاو خواردنەوە کرد. . . هێمن هێمن لە بەر خۆشیەوە دەپەیڤی. ئەمە دیمەنێك بوو سەرنجی گشت میوانەکانی گۆڕستانەکەی ڕادەکیشابوو، وەلی ئەو وادەچوە ژیانی وونی میردەکەیەوە لە لوژیکی ژیاندا وون ببوو. هەستی بەچواردەورەکەیەوە نەدەما. لە دوا پەیڤە رۆحیەکان ودوا قومی قاوەکەی بووەوە. کەلوپەلەکانی کۆدەکردەوە. جارێکی ترسەرنجی دەوری گۆڕەکەی دەدا ولە دوا کاتی ساتەکەیدا، دەستەسرەکەی دەردەهانی و ڕووی کیلەکەی پێسڕیەوە. ئەم دوا کەس بوو گۆڕستانەکە بەجێبهێڵێت. ووردە ووردە لە گۆڕەکە دوور دەکەوتەوە. کە گەیشتە دەرگای گۆڕستانەکە وەك نیگاداری لێبکا بە ئاستەم دەستێکی بەرزدەکردەوە،

ماوەیەك بوو یادگار و بەرهەمی شەوە ڕووت و ڕۆمانسی وحەزەکانی سەردەمی گەنجیتیان. کچەکانی (ئەنجیلا وئەنا) ی نەبینیبوو، بیری دەکردن وەلیٚ لەوە تێگەیشتبوو کچەکانی بەم هەموو جوانی و تەمەنە خونچەیەوە ناتوانن لە دێیەکی پەڕ و بچوکدا بژین. قەدەریك بوو سەری خۆیان بۆ شاری مۆسکۆ بە دوای نان و کار و پاشە ڕۆژدا هەڵگرتبوو. ڕۆژێك لە گەڕانەوەیاندا بۆ لای دایکیان. ئەنجیلا و ئەنا گەیشتنە ئەو بروایەی پیویستە دایکیان بیر لە پیاویکی تر بکاتەوە و بەتەنیا نەژی.

– ئەم تەنیایەی دایکم منی نارەحەت کردووە ؟ ئەنا ووتی.

– باشتر وایە لەگەڵیدا بپەیڤین. . تاکەی باوکمانی لە یاد ناچی ؟ ئەنجیلا ووتی.

– پێموایە ئەمە گرفتێکی گەورەیە. . .

– نا نهێنیەکی گەورەیە. . . تۆ دەزانی دایکمان کەسێکی هوشیارە. هەرچی دەکا بە برواوە دەیکات،

– چۆن بروایەك. . ؟!! بروا بەتەنیای و بێکەسی. ؟؟. . چاوەڕی هیوایەك کە نایەتە دی، باوکمان مرد، تازە بۆ ژیانی دایکمان ناگەڕێتەوە. ئەبیٚ ئەم ڕاستیە باش بزانی.

– دەزانی وەلیٚ من و تۆ لە نهینی ڕۆحی دایکمان نازانین.

– نهێنی چی ؟؟؟

– منیش نازانم پرسیار لە من مەکە. . .

هەرسێکیان لە باخچە کەم ڕوبەرەکەی ماڵەکەیاندا، پێکەوە دانیشتبوون، خۆیان دابووە بەر خۆرە کەم تیشکەکە. خانمی تەمارا بەدەم پەیڤینەوە دانەویلەی بە مریشکەکان دەدا و جارجارەش گیا کیویلەکانی دەوری گوڵی باخچەکەی هەڵدەکەن. . . . . هەریەکەیان کۆمەڵی گلەی و پرسیاریان بۆ یەکتری ئامادەکربوو.

– ماوەیەکی زۆرە من چاوەڕوانم. . . . !

– دایە چاوەڕوانی چیت. . ؟؟. . . ئەنا ووتی.

– کچم وەك هەموو دایکێك، چاوەڕوانم ئەگەر هەردووکیشتان نەبێت، یەکێکتان جارێك هاوڕێیەکی دڵویست، یان پیاوێکی مژدەبەخشی چارەنووستان لە تەکدا بێت. . . پێم بڵێن دایکە ئەم پیاوە هاوسەری داهاتوومانە !!!

( ئەنجیلا و ئەنیا بەسەرسوڕمانەوە سەیری یەکتریان دەکرد و هەستیانکرد دایکیان لەوان هوشیارتر و ڕونتربینە بۆیە سەرەتای ویست و گلەیەکانی پیووتن.)

– کچە شیرنەکانم. . پێم ناڵێن تاکەی وا بەتەنیا وبیٚ پاشە ڕۆژ دەژین ؟؟؟

– دایکە تۆ پێت وایە پاشە ڕۆژی باشی ئافرەت تەنیا لە باخەڵی پیاودایە ؟؟؟ ئەنا ووتی.

– ئا کچم. . . پیاوی باش بۆ ژن هەمووشتێکی باشە. . پێچەوانەکەشی ژنی باش بۆ پیاو هەموو شتێکی باشە. . . تۆ سەیری شکستێیە ڕۆحیەکانی خۆت مەکە. . ئەو خۆشەویستیانەی تا ئیستا کردوتە خۆشەویستی و پەیوەندی سەردەمی لاوی و هەرزەکاری بووە، پێوەر نیە بۆ ئایندەت. کچم تۆ کچەکەی دووساڵ لەمەوبەر نیت. . . ؟

– براواناکەم !!!

– تۆ لە میژووی خۆتەوە دەڕوانیتە ئیمرۆ. وەلی مرۆڤەکان جیاوازن. . . . کچم سەیری ئاسمان بەشینی بکە.

ئەنجیلا هەروەك پیشەی هەمیشەی بیدەنگ بوو. . . . دایکشی لە نهێنی ئەم بیدەنگیەی باش تێنەدەگەیشت، ئەنای خوشکی نەبێ ئەویش ئەو نهێنیەی لای کەس نەدەدرکان. ئەنجیلا لە جیاتی بە ووشە هاوبەشی دایك وخوشکەکەی بکات چاوە جوانە مەستەکانی لە نێوانی دایك و ئەنای خوشکیدا دەگیرا. وەك گەرەکی بێت ووشە گەرمەکانی سەری زمانی بە لێوی سارد بکاتەوە، لیوە پڕماچەکانی بە سەری زمانی ناسکی تەڕکرد و هێندەی تر پڕیکرد لە شەهوەتی حەز.

دایکی ڕوویکردە ئەنجیلا ووتی :

– ئەنجیلا. . . کچم ئەی تۆ بۆ ؟؟جوانیەکەت تاقانەیە، نەك لەم دێ بچوکەدا بڕواش دەکەم لە مۆسکۆدا وینەت کەم بێت !!! کچم بۆ تەنیای !!!؟؟؟ وامەزانی هەر بگەیتە مۆسکۆ شەیدات زۆر دەبێت و شوودەکەیت !!!!

ئەنجیلا لەپیش ئەوەی وەلامی بداتەوە سەیریکی ئەنای خوشکی کرد ودەویست بەهەردووکیان وەلامیك بۆ دایکی ئامادە بکەن ووتی :

– دایکە پیاوانی شاری مۆسکۆ ئەو پیاوانە نین کە لە فەرهەنگی تۆدان. . . . ئەوان گۆڕان. . و خۆشەویستی وئەمەك وناز فەوتان. . . . پیاوانی مۆسکۆ وەك کالا بازی بەلەشی ئافرەتەوە دەکەن و منیش بەو دونیایی بازیکردن وشانۆە درویانەی پیاوان هەلنجم دی، دەزانم جوانم زۆر پیاو ئەمەی پێ ووتوم و پیاوانێکی زۆری ڕوس وبیگانە خەو بە لەشی ڕووتی منەوە دەبینن، بەلام دایە من پەروەردەی ساکاری ئەم دییەم. بۆ کار نەبێ. مۆسکۆ بۆ من شارێکە هەناسەی بۆگەنە. دایە گیان خەوی من زۆر لە خەوی پیاوانی مۆسکۆ جیاوازترە، تۆ گەرەکتە فلیمی سەردەمی گەنجی و دلداری خۆتمان نیشان بدەی. ڕاستە جوانە، وەلێ ئێستا فلیمەکەی تۆ بۆتە ئەرشیف. دایەگیان سکالام زۆرە لە تەنیایی. . لە بێکەسی لە بێ ماچی و بێ باوەشی. ژیانم بریتیە لە کار و نووستن. ئاخر وانەبێ ناتوانم بژیم. . ئێستا سەردەمی پۆشکین نیە، سەردەمی ئۆڕۆ و دۆلارە من خەو بەوەوە دەبینم ببم بە قیبلەی پیاوێکی هەست مرۆی، پیاوێك پێش ئەوەی بیر لە ناوگەل وچێژی لەشی ڕووتم بکاتەوە. وەك مرۆڤ لە باوەشم بگرێ، نەك وەك بووکەشوشەیەکی زیندو، تەنیا بۆ ساتێکی کەمی ئارامکردنەوەی ئالۆشی ناو گەلی، دایەگیان ئەمە خەم نیە ؟؟!! دەزانی ئێستا مۆسکۆ چییە ؟؟ شار نیە بازاڕێکە ; هەمووشتێکی تێدا دەفرۆشرێ، هەمووشتێکی تێدا دەکڕیێ، تەنیاخۆشەویستی تیدا ناکرێ.

ئەنا بۆ ئەوەی خۆی و ئەنجیلای خوشکی لە پرسیارەکانی دایکی قوتاربکات ووتی :

– دایە گیان تۆ غەمی ئێمەت نەبێ !!!! ڕۆژێك دەبێ هەردووکمان شووبکەین، ، بەلام ئەی تۆ. . خۆ تەمەنی تۆ هێند پیر نەبووە تا دوا چرکەی ژیانت تەنیا بیت !!! بۆ هاوسەریێ، هاوڕێیە پەیدا ناکەیت. لەم تەنیایی و بێکەسیدا ڕزگارت بێت، دەزانی ئێمە هەمیشە دلێکمان لای تۆیە ؟؟ لەم تەمەنەشدا تیشکی شینی چاوەکانت، خەندەی سیکسی و تەڕی لیوەکانت، بۆ پیاوە هاوتەمەنەکانت، سامانیکە ولای هەمووخانمێکی هاوتەمەنی تۆ جنگ ناکەوێ !!. ئا بۆ ئیمەش دلخۆشیە هاوڕی یان هاوسەرێکی ترت هەبێ و یادی بە خۆشی بیت تازە باوکمان مرد. سەردانی گۆڕەکەی چ دەگەیەنی بۆتۆ ؟؟؟.

کە خانمی تەمارا ئەم ووتانەی لە ئەنای کچی بیست وەك ڕەگە وردیلەکانی ڕۆح ودلی ڕابکیشن ئاو ئازار هەموو جەستەی شەکەتکرد و ڕەنگی ڕووی گۆڕا و دەستەکانی لە کار کەوتن. بەئەسپای وەك نارەزای، ، لە پەیڤەکانی ئەنای کچی، بەر خۆرەکەی بەجێهیشت و چووە ژووری نووستنەکەیان. قەدەریکی کەم بەتەنیا بوو.

خانمی تامارا لە ژووری نوستنەکەیان لە سەر سیستەمەکەیان ڕاکشابوو، چاوی بریبوە وێنەکەی خۆی و میردەکەی کە بە بەرگی سپی و بوك وزاوایەتیەوە گیرابوو بە ڕۆح لە تەك میردەکەیدا لە گفتوگۆیەکی پڕ گلەی دابوو. هەروەك گللەی کچەکانی لە میردەکەی بکات ئاوا پشتی دەستەکانی بە سەر سەرینەکەی تەنیشتیەوە دەهانی.

– من نەمدەویست کچەکانمان هێندە بێ ئەمەك بن بەرامبەر بەتۆ ! تەمارا خانم ووتی.

– تەمارا گیان ژیان وایە ئەوان نەوەی سەردەمێکی نۆین. ڕۆحی میردەکەی ووتی،

– چۆن دەبێ وا من و تۆ ببینن. ؟؟ تەمارا خانم ووتی،

– لەبەر ئەوەی کچەکانمان نازانن، شەوانی دروست بوونی ئەوان چەند شەوانێکی ڕۆمانسی و پڕماچ و تەکان و حەز و خۆشەویستی شتە جوانەکانی پێکەوە بوونمانن. . . ئەوان ئاگایان لە چیرۆکی ئەو شەوە ناسکانە نی یە کە ئەوانی هانیوەتە بوون. ڕۆحی میردەکەی ووتی.

لەم گفتوگۆیەدابوون ئەنجیلا وئەنا هاتنە ژووری نووستنەکەی دایك وباوکیان. . . . لە تەنیشت دایکیانەوە پالکەوتن دەستیان کردە ملی و تەماراخانیش بالەکانی بۆ ڕاخستن و سەری هەردووکیانی بە خۆوە نوساند و بە ناسکی ماچکردن.

هەرسێکیان بۆ ماوەیەك خەریکی شیکردنەوەی ویست و خەیاڵە ئالۆسکاوەکانیان بوون.

– کچەکانم دەتانەوەی بژین و بەختیار بن ؟؟؟

هەردووکیان وەتیان بێگومان دایە گیان. .

– خۆشەویستیەکی ناخی وەکی من و باوکتان بۆ ژیانتان هەڵبژێرن. .

– دایە گیان بەداخەوە لەم وولاتەدا بێکاری و هەژاری. خۆشەویستی لەتەك خۆیدا ڕامالّی.

ئەنجیلا ووتی. . . . . . .

ئەڵمانیا ٢٠٠٣/٠٥/٢٢

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیر و بۆ چونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org کوردستان نێت